# "ئەگەر جیابونەوەمان بویستایە، فرسەت لەئێستا باشتر نەبوو" !

ئەم ناونیشانە قسەو ڕاگەیاندنی ئەمڕۆی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە  کۆنگرەیەکی ڕۆژنامە نوسیدا لەشاری هەولێر لەگەل عومەر موسا ئەمینداری گشتی کۆمکاری  وولاتە عەربییەکان کە سەبارەت بە سەردانەکەی عومەر موسا بۆ عێراقو کوردستانو پێشنیاری ئەو بۆ " وفاقی نیشتمانی لە عێراق" سازکرا. لە وەلآمی پرسیاری ژورنالستێکدا لە بارزانی سەبارەت بەوەی کە ئەوان جیابونەوەی کوردستانیان دەوێت... بارزانی لەوەلامدا ووتی " ئەگەر جیابونەوەمان بویستایە، فرسەت لە ئێستا باشتر  نەبوو، کەس لە بەرانبەرمان ناوەستێت". ئەمە یەکەمجارە سەرکردایەتی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد، دان بنێت بە راستیەکی حاشاهەڵنەگردا ئەویش ڕاستی "بوونی فرسەت بۆ جیابونەوە لە ئێستاداو نەویستنی جیابونەوە".

ئێمە چەند ساڵە دەڵێین هیچ کات فرسەتو هەلومەرجی سیاسی وا گونجاو نەبوە بۆ جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ئێرادەو بڕیاری خەڵکی کوردستانەوە، بە هۆی ریفراندۆمێکی گشتیو ئازادەوە. چەند ساڵە جەختمان کردۆتە سەر ئەوەی کە ئامانجی ناسیونالیزمی کورد پەیوەندی نیە  بە چارەسەرکردنی کێشەی خەڵکی کوردستانو ستەمی نەتەوەییەوە، هەموو ئامانجو سیاسەتی ئەوان لەوەدا خولاسە دەبێتەوە کە هاوبەش بن لە دەسەلاتداو زامنی دەسەلاتی بورژوازی کورد بکەن. خەڵکی کوردستان بە خۆپیشاندانو خواستو دواکاری خۆیانو بە هاوبەشی نەکردنیان لە ریفراندۆمی گالتەجارانەدا بۆ دەستور بە ڕۆشنی نیشانیان داوە کە جیابونەوەی کوردستانیان دەوێتو ئەوەیان دیاریکردوە کە فرسەت هەیەو هەلومەرجەکە لەبارە بۆ بەدیهێنانی ئەم خواستە. بەلآم چەند ساڵە و تا چەند ڕۆژێش لەمەوبەری پێش ریفراندۆم سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی قسەی سەرزمانو بن زمانیانو ڕاگەیاندنیان هەر ئەوەبوو کە" جاری وەختی جیابونەوە نیە"و "کاتی نەهاتوە"و " وولاتانی دراوسیّو ئەمەریکا ڕێگا نادەن" هەمیشە وایان نیشانی خەڵکی کوردستان ئەدا کە ئەوانیش لەگەل جیابونەوە هەن بەلام جاری کاتی نیە بۆیە فیدرالیەتیان هەڵبژاردوەو فیدرالیەتیش "مافی دیاریکردنی چارەنوسە". بەلام هەرگیز جورئەتی ئەوەیان نەکردوە کە بەم شێوە ڕۆشنە لەبەردەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بلێن" فرسەت هەیەو جیابونەوەمان ناوێت" ئەمەیان دانپیانانێکی ڕۆشنی سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردایەتیو وەستانەوەیانە دژ بە ویستو خواستی خەڵکی کوردستانو دەرخەری راستیەکی حاشاهەڵنەگرە سەبارەت بە دژایەتی ئەم بزوتنەوەیە لە گەڵ خواستی خەڵکی کوردستاندا. هەروەها ئەم ڕاگەیاندنەی بارزانیو بەتایبەت لە بن دەستی عومەر موسا وەك ئەمینداری گشتی کۆمکاری وولآتە عەرەبیەکان، لە هەمانکاتدا پەیامێکە بەخەڵکی کوردستان، کە ئیتر دەورەی جیابونەوەی کوردستان لەڕوانگەی ئەوانەوە بەسەرچوەو، ئێستا کوردستان بەپێی دەستور بەشێکە لە عێراقو بۆیە بارزانی بێمنەتە لە خەڵکی کوردستانو بە ئاشکرا دەلێت "  ئەگەر جیابونەوەمان بویستایە، فرسەت لە ئێستا باشتر نەبوو، کەس لە بەرانبەرمان ناوەستێت".

ناسیونالیزمی کوردو هێزەکانی هەر گیز بزوتنەوەو هێزی لابردنی ستەمی نەتەوەیی نەبون، هەرگیز بزوتنەوەو هێزی چارەسەرکردنی کێشەی خەڵکی کوردستان نەبوون، ئەوان بەدرێژایی مێژوی خۆیان نیشانیان داوە کە بەشێکن لە خێزانی دەسەلاتداریتی بورژوازی لەعێراقداو کۆسپی ئەوان هاوبەشیکردنە لەدەسەلاتداو هیچی تر. جا خەڵکی کوردستان داواو خواستی جیابونەوەی هەیە، کۆسپی هەیە سەبارەت بە ئایندەو دەرگیری چاوەراونیو دڵەراوکێیەو سبەێنێی لیّ رۆشن نیە، دەکەوێتە ژێر چنگی کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسیو مافە سیاسیو فەردیو مەدەنیەکانی لیّزەوتدەکرێتو لاوانی کوردستان هەموو ڕودەکەنە هەندەرانو کوردستان بەجێدەهێلن لەسایەی فەرهەنگی دواکەوتوو دارزیودا....بۆ ناسیونالیزمی کوردو حزبە دەسەلاتدارەکانی بەقەد هەر سەرە سوٚدەیەك جێگای گرینگی پێدان نەبوەو وە نیە. بارزانی لەمرۆدا بەرۆشنی ئەم راستیەی سەلماندو لەهەمانکاتدا بەرۆشنی ئەوەی نیشاندا کە سەرانی ناسیونالیزمی کورد چەند ساڵە چۆن خەڵکی کوردستان بە پروپاگەندە چەواشە دەکەنو فریویان دەدەن.

خەڵکی کوردستان، ناڕازیانی کوردستان ، هەموو ئەوکەسانەی خوزایاری جیابونەوەی کوردستانن، هەموو ئەو کەسانەی کە تائێستا وا تێگەیەنرابون کە فیدرالیەت هەنگاوێکە بۆ جیابونەوە، یان وا چەواشەکرابوون بەوەی کە ئەمرۆ هەر ئەوەندە دەکرێتو فرسەتی جیابونەوە نیە، پێویستە لەسەریان ئەمڕۆ بکەنە رۆژی دابرانی هێجگاریان لە ئەحزابی دەسەلاتداری کوردستان، لەبارزانیو حزبەکەی.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، بەئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت کە لە هەموو هەلومەرجو قۆناغێکدا، ناوەرۆکی تەواوی سیاسەتەکانی ناسیونالیزمی کوردو هیزەکانی بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا بکاتو خەڵکی کوردستان لە راستیەکان ئاگاداربکاتەوەو لەهەمانکاتدا، بانگەوازی خەڵکی کوردستان دەکەین بۆ کۆبونەوەو ریکخراوبون بەدەوری سیاسەتەو دروشمەکانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراق لە

پیناو بەدیهێنانی جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆی پێشکەوتوخوازو عەلمانیو ناقەومیو گەڕانەوە بۆ بریارو ئیرادەی خەڵکی کوردستان لەرێگای ریفراندۆمێکی گشتی ئازادەوە.

**ڕێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2005/10/22